ئەرشیفی بابەتەكانی فێرگەی هەموو بۆ كوردان

## پەڕگەكانی Torrent.

نووسەر: @:

پەڕگەكانی Torrent چین و چۆن سوودیان لێوەردەگیرێ؟

پەڕگەكانی تۆڕێنت ئەو پەڕگانەن كە بەكارهێنەرانی كۆمپیوتەر لە نێوان خۆیان دا لە سەر ئینتەرنێت دەیانگۆڕنەوە. وەک پرۆگرامەكانی دیكەی وەک Kazaa یان Shareaza، بەگشتیی وەک پرۆگرامەكانی Peer-To.Peer.

هەموو ئەو پەڕگە گۆڕینەوانە لە سەنتەرێک دا جێبەجێ دەكرێن كە پێی دەگووترێت Tracker، كە تەنیا بەرپرسی ئاستی پەیوەندی پەڕگەكانە و نازانێ كە ئەو پەڕگانە چین و چی نین كە بەكارهێنەران دەیانگۆڕنەوە. بۆ ئەوەی ئەو پەڕگەو پرۆگرامانە هەموو كات دەستبدن بۆ داگرتن، باشتر وایە كە پەڕگە دابگرین و پەڕگەش بڵاوكەینەوە.

بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بە Torrent بە زمانی ئینگلیزی دەتوانی سەردانی ئێرە بكەیت.

http://www.dessent.net/btfaq/#what

دەتوانی ئەو جۆرە پەڕگانە دابگریت لە سەر ئینتەرنێت، لە ماڵپەڕی Tracker دا.

بۆ نموونە بەناوبانگترین و چالاكترین Tracker ـەكان:

http://suprnova.org

http://www.torrentreactor.net

http://trackerwww.prq.to/frame.html

چۆنیەتی داگرتنی پرۆگرام یان هەر پەڕگەیەكی دیكە.

لە پێشدا دبێ پرۆگرامێكت هەبێ كە ئەو جۆرە پەڕگانە دابگرێت، لەو پرۆگرامانەش زۆرن، بەڵام من TorrentStorm بە چاكترین و ئاسانیترین پرۆگرام دەزانم لەم بوارەدا.

بەستەری داگرتن.

http://homepage.ntlworld.com/simon.aspland2/downloads/TorrentStorm-1.2.2.exe

ماڵپەڕی پرۆگرام.

http://torrentstorm.com

پرۆگرامەكە دابمەزرێنە و بیكەوە، پاشان لە یەكێک لەو ماڵپەڕانەی (Tracker) كە لە سەرەوە نووسیوەمە پەڕگەیەكی Torrent دابگرە، هی هەر پرۆگرامێک كە خۆت پێت باشە، بۆ نموونە ئەمە هی پرۆگرامی Adware ـە.

http://66.90.75.92/suprnova//torrents/2164/Ad-Aware.6.181.Pro.torrent

دەبێ بە .torrent كۆتایی بێت.

بەلای ڕاستی مشكی كۆمپیوتەرەكەت كرتەیەک بكە سەر بەستەری پەڕگەكە و پاشان Save Link Target As... كرتە بكە، لە شوێنێكی كۆمپیوتەرەكەتدا پاشەكەوتی بكە.

بگەڕێوە بۆ پرۆگرامی TorrentStorm، لەوێدا كرتە بكە سەر File و پاشان Import Torrent File یان كرتە بكە سەر ئەو ئیكۆنەی زەردەی كە لەشێوەی بوخچەیە.




پاشان برۆ بۆ ئەو شوێنەی کە پەڕگە تۆڕێنتەکەت تێدا پاشەکەوتکردووە. پەڕگەکەت هەڵبژێرە و کرتە بکە سەر Open.




پاش هێنانی پەڕگەکە بۆ نێو پرۆگرامەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.




4> دەستپێکردنی داگرتنی پرۆگرامەکە.
5> سڕینەوەی پەڕگەکە لە نێو پرۆگرامەکە.
پێش ئەوەی کە کرتە بکەیتە سەر دەستپێکردنی داگرتن، پێم باشە شوێنێک هەڵبژێری بۆ ئەو پەڕگە و پرۆگرامانەی کە ڕێی TorrentStormـەوە دایاندەگریت، بۆیە کرتە بکە سەر View پاشان Setting.




کرتە بکە سەر Browse بۆ هەڵبژاردنی شوێنەکە، و خاڵی Always Use The Defualt Directory هەڵبژێرە، ئەو پەنجەرەیە دابخە.
لە پرۆگرامی TorrentStorm دا کرتە بکە سەر ئیکۆنی دەستپێکردنی داگرتن، ژمارە 4 بۆ دەستپێکردنی داگرتن.
پاش دەستپێکردنی داگرتن بەم شێوەیە دەبێت.




*لەوێدا دەبینین کە هێمایەکی بازنەیی ڕەنگ زەرد دەرکەوتووە، مانای وایە کە ئەو پەڕگەیە زۆر چالاک نیە، ئەگەر سەوز بایە ئەوە زۆر چالاکە، ئەگەر سوور بوو مانای وایە کە هیچ چالاک نییە و ئەگەر ڕەش بێت مانای وایە نەزانراوە لەو کاتەدا باشتر وایە کە

چاوەڕوانبیت تا ئەو ڕەنگە ڕەشە دەگۆڕدرێت.
6> ئاستی داگرتنەکە.
7> داگیراو بە ڕێژە.
8> کاتی پێویست بۆ داگرتنی پەڕگەکە.
9> خێرایی داگرتن / بۆ ئاگاداری ئەگەر پەڕگەکە چالاک بێت زۆر خێرا پرۆگرامەکە دادەگیردرێت و پێویست بە هێچ گۆڕانکاریەک ناکات بۆ خێراکردنی داگرتن.
10> خێرایی ناردن.
بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بۆ داگرتنەکەت، بەلای ڕاست کرتەیەکی بکە سەر و پاشان Details کرتە بکە.




کۆتایی.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت